وتارێک بۆ دیالۆگ و توێژینەوە و بە دۆسییەکردن:

**ڕاسیزیم لە پەراوێزی کۆلۆنیالیزم دا....**

هەڵۆ بەرزنجەیی. ١١/٩/٢٠٢٠




ڕەنگە دوای ڕووداوەکانی١١ی ئەیلوولی ٢٠٠١ لە ئەمەریکا بتوانین ئەوە بڵێین ، کە هاوسەنگی لە سیاسی جیهاندا نەماو و ڕووداوەکان بە ئاڕاستەیەکی تری، زیاتر ڕووە و شەڕ و ناسەقامگیری و نائارامیدا ئاڕاستەیان گرت.

ڕووداوی تاساندن تا مردنی( جۆرج فلۆید)یش لە ٢٥ گوڵانی ٢٠٢٠ دا ، ڕووداوێکی تری گەورەی هاوچەرخە، دەکرێ بە شۆڕشێک ناوزەد کرێ! کە وەرچەرخانی لەمێژووی مرۆڤایەتیدا دروست کردووە و کۆمەڵێ پرسیاری هەستیاری خستە مێژووی کۆلۆنیالیستی پڕ لە تاوان و ڕووتاندنەوە و سووتماککردنی نیشتمانەکان و بازرگانیکردن بە مرۆڤ و بە کۆیلەکردنی...

ئێمە هەموو لەم دواییەدا گەواهی شاڵاوە نەبڕاوەکانی جیهانین، بۆسەر پەیکەر و سیمبۆڵ و مێژووی کۆلۆنیالیزم لە ئەمەریکا و ئەوروپا و لەسەر شانۆی ڕووداوەکان لە جیهان دا. هەڵمەتی فراوانی شاڵاوەکە هێندە بەرفراوان و تووڕەیی لە خۆ گرتووە، کار هەر بەوەوە نەوەستا دەیانی وەک (کریسفۆر کۆلۆمبس و بسمارک) و زۆری تر بەشاڵاو بکەون، بەڵکو گەیشتە سەرئەوەی تێزە فەلسەفییەکانی( کانت)یش وەک دەقی ڕاسیستی تاوانبار بکرێن. ئەم هەڵمەت و ڕووداوە بەردەوام هەتا ئێستا داوای ڕاستکردنەوەی مێژوویی و تاوانبارکردنی بکەرەکانی دەکات و بانگەوازی سڕینەوەی شوێنەوارەکانی دەکەن. بەکورتی هەناسەی تاساوی ج. فلۆید بووە کۆمەڵێ پرسیار و فڕێدرایە گۆمی پڕ لە خوێنی مێژووی کۆلۆنیالیزم و سیاسەتی ڕەگەزپەستی و یاسای ڕەگەزپەرستانی جیهانەوە.. ئەم ڕووداوە جوڵە و بزاڤی بێبڕانەوەی لای مێژوونووس و مێژووناسەکان، کۆمەڵناس و ئاکادیمی و رۆشنبیران و ڕۆژنامەوان و دەزگا زەبەلاحەکانی میدیای جیهانی دروست کردووە.

ڕەوەندێکی زۆری خەڵکی ڕەشپێست -کە بەهەق ڕۆژانە هەستونەستیان بە ڕاسیزم بریندار دەکرێ- خۆشبەختانە ئیمڕۆ بەهێز و کاران لە ئەمەریکا و ئەوروپادا و هاتوونەتە دەنگ و چالاکانە کار بۆ بەربەرەکانی ئەم ئاڕاستە سیاسییە ڕەگەزپەرستانە دەکەن و داوای سڕینەوەی دەکەن. لەیەکەم هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەی ئەمەریکای ٢٠٢٠ ی ئەمساڵدا باشتر کاریگەری بەدیارکەوت بە هێنانی کاندیتی خانمە ڕەشپێست. Kamala Harris .

به كورتی لەسەر ئەم باسە بە هەزاران هەزار بابەت نووسراوە و بینراوە و گوتراوە.. بۆیە لەوە زیاتر درێژەی نادەمێ..

ئەوەی بۆتە زادەی ئەم نووسینە، مێژووی كۆلۆنیالیزمە، كە وڵاتی كوردستانی كردۆتە قوربانی و بە ناوی كۆلۆنیالیزم و لەسایەیدا چەپەڵترین سیاسەت دژ بە نەتەوەی كورد و خاكی كوردستان پێڕەو كراوە، كە باڵاتر و دڕندانەتر و نامرۆڤانەترن لە ڕاسیسیزم.

ئەو كەسەی واقعی كورد بە وردی و قووڵی بخوێنێتەوە، زۆر بە ئاسایی و خێرایی بەسەر ئەو ڕاستییانەدا دەكەوێ. ئەوەی هێز و تاكی «كۆلۆنیالیزم و فاشی و نازی و دیكتاتۆر و تۆتالیتارەكان » لە مێژووی مرۆڤایەتی بە ڕەشی و قێزەونانە تۆماریان كردووە، داگیركەران لە كوردستان زیاتریان ئەنجام داوە. بەڕادەیەک ئێستا پرسی مانەوەی كورد لە بەرامبەر ئەم هەڵمەت و شاڵاوەی قڕكردنیدا، بۆتە پەرجووی مێژوو.!

جا بۆیەكا ئەوەی لە ئێش و ئازارە بێوێنەكانی ژیانی كورد تێدەگات ، دەتوانێ دەیان كەیستی تاوان و جینۆسایدی تێدا ببینێتەوە. سیاسەتی ««كوشتن و بڕین و لەسێدارەدان و ڕاگوێزان و بۆمبارانكردن و ژەهرباران و ئەنفال و قەدەغەكردنی زمان و فەرهەنگ و دداننەنان بە بوون و هەبوونی نەتەوەی كورد و هەوڵەكانی تری سڕینەوە و شێواندنی شوناسی كوردبوون»» و جۆرەها سیاسەتی تری چەپەڵی «سەربازی و ئابووری و ڕۆشنبیریی و سیاسی و نەتەوەیی» ، هەموو ئەمانە دەچنە ئەستۆی هێزە كۆلۆنیالیستەكانی پەیمانی (سایكس پیكۆ)یان لەسەر خوێن و جەستەی كورد مۆركردووە و وا ١٠٠ ساڵی ڕەبەق بەسەر ئەو ڕێكەوتنامەدا تێدەپەڕیوە و ناوەڕۆک و ڕوخساری داڕزاوە و بۆتە پەڵەیەكی تۆخی شەرمەزاری مێژووی مرۆڤایەتی.

بەكورت و كرمانجی ئینگلیز و فەرەنسی لێی بەرپرسن.

چونكە ئەو هێز و ئامراز و دەزگایەی بەم كارانە هەڵساوە و جێبەجێكەری ئەم تاوانانە بووە، هەرچوار داگیركەرەكەی كوردستانە و لە نێویاندا ئەوەی ناوی دەوڵەتی «عێراق و سووریا»یە، كە دوو منداڵی ئینگلیز و فەرەنسان و هەتا ئێستاش لە دوورەوە بە پرۆگرام و فەرمانی هێزە كۆلۆنیالیستەكان بەڕێوەدەبرێن و لە ئاكامدا ئەوەی دروستكراوە و بەڕێوەبراوە، لەسەر لاشەی كورد هەڵچنراوە و بكەرەكەشی بە خوێن و فرمێسكی كورد دەست و لمۆزی سوورە.

ئێوەی كۆلۆنیالیستی ستەمكار !كە لە پێناوێ بوتڵێ «نەوت و گاز» و بەرژەوەندییە ستراتیژی و كاتییەكانی خۆیان دا، هەر بەتەنها لەو تراژیدیایەی بەسەر كورددا هات و دێت بێدەنگ و چاو نوقاو نەبوون و نین، بەڵكو زۆر نامرۆڤانە و بێشەرمانە بەردەوام پاڵپشت و هاوكاری ماكی و مینۆكی داگیركەرە ڕاستەوخۆكانتان كردووە و گەمەیەكی نامۆڕاڵی شەرمهێنتان بە چارەنووسی نەتەوە و نیشتمانی كورد كردووە.

ئیدی بەسە و ئێستاش درەنگ نییە ! کاتی ئەوە لەمێژە هاتووە ئەم هێز و لایەنە تاوانبارە، بەسەر بڕگە و مادەی ئەو ڕێکەوتنامانە و سنوورە دەستکردانەی کێشاویانە بچنەوە و سەرەتایەکی پڕشنگدارتر بنەخشێنن. هەروەها بۆ ڕاستکردنەوەی ئەم هەڵە مێژووییە و تێهێنانەوەی ئەم تاوانە نامرۆڤانە، تاکە وەڵامی ئەم هەموو تاوان و گوناهانە تەنها و تەنها جوڵاندنی دۆزی «سەربەخۆیی کوردستان و پشتیوانیکردنی بەدەوڵەتبوونە» . چونکە ئەم هەنگاو ، هەم وەک پاداشت و قەرەبووکردنەوەیەک دێتە هەژمارکردن و هەمیش تاکە چارەسەی واقیعی و بەسوودە،بۆ ئاشتی و خۆشگوزەرانی میللەتانی ناوچەکە و جیهان.

ڕاستییەکیش کە دەبێ بوترێ ئەوەیە نەتەوەی کورد هەرگیز دەستبەرداری مافەڕەواکانی نابێت کە لێی زەوتکراوە و تا هەڵاتنی تیشکی زێڕینی ئازادی و سەربەخۆیی کۆڵنادات لە تێکۆشان . چونکە ئاوات و ئامانجی کوردیشە وەک نەتەوەیەک بێتە سەر شانۆی و ئاستی جیهانەوە و بە ڕۆڵ و نەخشی خۆی بەشداری لە خزمەت و بەرەوپێشبردنی مرۆڤایەتیدا بکات. کورد زۆر هەوڵی داوە بە هەر شێوە و شێوازێک بێت، لەگەڵ داگیرکەرانیدا چوارچێوەیەکی چارەسەر بە پێی قۆناغ و دەرفەتێک Real Politc ڕێگەی پێ بدات، ڕێککەوێت و کۆتایی بەم گرێ کوێرەی ناوچەکە بێت، لێ بەداخەوە ئەوان، ! ئەوانی داگیرکەری حازرخۆری چەوسێنەر، هیچ ئامادەیی و ڕۆحی گفتوگۆیەکی کراوەیان نیشان نەداوە. بۆ هەر گفتوگۆیەکی ئاشتی تەڵەیەکی سیاسییان ناوەتەوە و لەژێر پەردەی تاکتیکی گفتوگۆدا،تیرۆریان ئەنجام داوە. ١٩٧٢ لەگەڵ بەرامبەر بە بارزانی نەمر و ١٩٨٩ بەتیرۆرکردنی قاسملۆی گەورە. بەواتایەکی تر بۆ هەر داخوازییەکی کورد بە ئاگر و ئاسن وەڵامیان داوەتەوە. مەخابن ئێوەی هێزی کۆلۆنیالیست و پاشماوەی تری جیهان، بەرامبەر بەم کوشت و بڕینەی داگیرکەرانی کوردستان، تا ئێستا کەڕ و لاڵ و نابینا بوون!.. و واش پێدەچێ لەبەرخاتری مشتێ بەرژەوەندی هەمیشەییتان لە دەڤەرەکەدا، درێژە بەم تاوانکارییەتان بدەن.

پرۆژە و ئامانجێکی لەم چەشنە، بۆ یەخەگیریی لەگەڵ دەسەڵاتدارە کۆلۆنیالیستەکان و بەسوود وەرگرتن لە هەلومەرجی ڕەخساو، پێویستی بە نەخشە و میکانیزمێکی تۆکمە هەیە. هەروەها کۆمیتەیەکی کارا و شارەزا و دڵسۆز لە کەسانی پارێزەر و یاساناس و یاسای نێودەوڵەتی مافی گەلان و پەیوەندییە نێودەوڵەتی و بوارە جیاکانی تردا و کەسانی خاوەن پێگەی ئاکادیمی و ڕۆشنبیریی و ئابووری و پێک بهێنرێ ، لەسەر ئاستی دەرەوەی کوردستان بەتایبەت لە بەریتانیا و فەرەنسا. بۆ ڕاپەڕاندنی ئەم کەیسە لای دامودەزگا فەرمی و سەرەکییەکان، ناوەندە ئەکادیمیاییەکان، ڕێکخرا و دامەزراوە مرۆڤدۆستەکان، پەرلەمان و دادگای ئەوروپا، فاتیکان و ئەنجومەنی ئاسایش و ناوەندەکانی تری بڕیاردەر و دۆستانی کورد بجوڵێین و بە هەموو هێزێکەوە لەدەرگایان بدەین....

کار و ئامانجەکەش دەکرێ لەسەر بنەمای پشتبەستن بە شۆڕش و داواکانی کورد بەتایبەت شۆڕشەکانی شێخ مەحمودی نەمر و هەوڵ و تێکۆشانە دیبلۆماسییەکانی شەریف پاشای خەندان و لایەنە بەسوودەکانی بەند و ڕێکەوتنەکانی سیڤەر و ئەوانی دیکە و مێژووی تراژیدیای ژیانی کورد لەو ڕۆژەوە هەتا ئێستا و دۆخی هەنووکەیی کورد بەڕێوە بچێ.

کەیسەکە دەبێت دەوڵەمەند بێت بە ناوەڕۆک و داواکانی کورد ڕەپ و ڕاست ئامانجی ڕوون و ئاشکرا بێت... ڕەوەندی کوردیش بە هەموو شێوازێک و لە تەواوی هەنگاوەکاندا پاڵپشت بێت و کاری بۆ بکات... هەڵمەتی گەورەی بۆ ساز بدات بە خۆپیشاندان و دەربڕینی ناڕەزایی و چالاکی تری جۆراوجۆر

و تەنانەت چەکی هونەریشی بۆ بخرێتە کار، کۆنسێرت و ئاهەنگی گەورە ساز بدرێ.. حکومەتی هەرێم و پەرلەمان! زۆر بەتایبەتی و کەسانی دڵسۆز و لێوەشاوەی نا حیزبی و بێلایەنەکان لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات کاری بۆ بکەن و پشتیوانی پێویستی بۆ مسۆگەر بکەن . دیارە پێویستە هێزێکی مادی گەورەش بخرێتە خزمەتییەوە.

بە کورتی: بە قورسایی دۆسییەی ئازار و ژان و ژیان و قوربانییەکانی کورد و کوردستانەوە، خۆ بگەیەنینە هەموو ناوەندەکان بڕیار و سەر سەکۆی سیاسی جیهان بهەژێنین و هەوڵ لەگەڵ هەموو شوێنێ بدرێ و دۆست و لایەنگریی بێگانەی بۆ پەیدا بکرێ...

کارەکەش لە بنەڕەتدا زەحمەت نییە، تەنها دڵسۆزی و لێزانین و توانا و توانای دارایی گەرەکە... ئەمانەش کەرەسەیەکن لەبەردەستدا هەن.

ئەم میتۆدە جگە لە زرنگی و لێوەشاوەیی و شارەزایی و دڵسۆزی و سەرچاوەیەکی دارایی، چ ئەرکێکی تری نییە و یەک لە ملیۆنی ئەو هەموو زیان و قوربانییانە ناگرێتەوە، کە تا ئێستا پێمان گەشتووە.









MIDDLE EAST BORDERS ACCORDING TO
SYKES-PICOT
TURKEY
SYRIA
IRAQ
IRAN
EGYPT
SAUDI ARABIA
TRT WORLD